**نەزەند بەگی خانی:**

# حەقیقەتی من لە شیعردا بەرجەستە دەبێت..



نەزەند شاعیرێکی دیارە لەنێو دنیای شیعری کوردیدا.. بەو کەمە تێکستەی کە هەیەتی توانیویەتی ببێتە خاوەن دەنگو فۆرمێکی تایبەتو تا ئێستا خاوەنی چوار کتێبی شیعرییە کە یەکێکیان بە ئینگلیزی نووسراوەو بۆتە مایەی سەرنجی رەخنەگرانی ئینگلیزو بیانیو تائێستا چەندین لیکۆڵینەوەیان لەسەر شیعرەکانی نووسیوە.. لە شیعرەکانی نەزەندا خەمی مرۆڤی کورد فراوانترین رووبەری هەیەو لەڕێگەی روانینە قوڵو هێمنیە شیعرییەکانیەوە گوزارە لە تایبەتمەندییە خودییەکانی خۆیو نەتەوەکەی دەکات.. بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاشنا بە دنیای شیعری نەزەند بین ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی کرد..

***پێشتر جگە لە رەنگی خۆڵ کە قەسیدەیەکی هاوبەش بوو لەنێوان تۆو دلاوەر قەرەداغیدا، شیعرت کەمتر بینرابوو.. گەر بکرێت باسێکی سەرەتای دەستکردن بە نووسینی خۆتمان بۆ بکەیتو پێمان بڵێیت کەی هەستت کرد کە شاعیریت؟**

—شیعر یەکەم فۆڕمی نووسینەو لە وڵاتی ئێمەش فۆڕمەکانی تر زۆر گەشەیان نەکردووە، بۆیە من بە شیعر دەستمپێکردو لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە شیعر دەنووسم. تا لە کوردستان بووم واتە ساڵی 1987 هیچم بڵاونەکردبۆوە، ئەمەش وەکو هەڵوێستێك بوو نەمدەویست لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی بەعسدا نووسینم دابەزێت. لە مەنفاو ئازادیدا دەستم کرد بە بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە کوردییەکانی دیاسپۆرای کوردی. یەکەم دیوانم بەناوی "دوێنێ سبەینێ" بوو، کە لە پاریس ساڵی 1995 کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فەرەنسا بۆیان چاپکردم، دووەم دیوانم بەناوی"ستایش" ساڵی 2004 لە دەزگای ئاراس بەچاپگەیاند، (رەنگی خۆڵ) سێهەم بەرهەمی منە کە وەکو وتتان کارێکی هاوبەشە لەنێوان من و هاوڕێی شاعیرم دلاوەر قەرەداغی.. چوارەم دیوانیشم بە ئینگلیزی بەناوی "زەنگۆڵی وتن" ساڵی پار لە لەندەن چاپکرا.

***چ شتێك وادەکات دەقێکی جیاواز لەیەك فۆڕمدا بەبوون بێت وەك ئەوەی تۆو دلاوەر، کە لەڕاستیدا خوێنەر وای هەست دەکرد یەك کەس ئەم شیعرەی نووسیبێت، ئەویش بەو هۆیەی کە فەزای هونەریو زمان لەم شیعرەدا زۆر چون یەکەن؟**

—رەنگی خۆڵ دەقێکی یەکانگیرەو سەرکەوتنی دەقەکەش هەر لەوەدایە، راستە شیعرەکە دەنگی دوو کەس کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەو دوو دەنگە ئاوێتەبوون.. ئاوێتەبوونێك گەرچی هەر دوو دەنگ لەپشت هەر وشەو دێڕێکی ئەم شیعرەدان، بەڵام خوێنەر جیایانناکاتەوە.. بیریشمان نەچێت شیعرەکە گوزارە لە بوونی کورد دەکات.. کوردی سەردەمی ئەنفالو هەڵەبجەو مەرگەساتی براکوژی و وێرانییەکان لەچوارچێوەی رووداوێکی دیاریکراودا کە هەرهەموومان کۆدەکاتەوە، رووداوی یەکی

شوباتی 20004. دوای یەکی شوبات هەمووماان وروژاین.. هەمووماان گەڕاینەوە لای رۆحی بریینداری شار. من لەو ماوەیەدا چەند کۆپلەیەکم لەسەر ئەو وێرانەییە نووسی‌و دلاوەریش شیعرێکی نووسی کە بە ئیمەیل بۆ منی نارد.. دواتر من پێشنیارم کرد کە ئەو دوو هەوڵە تێکەڵ بکرێن‌و لە ئاو و هەوایەکی ئەفسانەییدا هەڵکێشرێن.. ئیتر لەو رۆژەوە شیعرەکە لەنێوانماندا بە ئیمەیل سەفەری کرد تا فۆڕمی"رەنگی خۆڵ"ی وەرگرت.

***منداڵی لە شیعری زۆربەی شاعیراندا حزوری هەیە، ئەم حاڵەتە لای تۆ چۆن پێناسە دەکرێت، لەکاتێکدا گەڕانەوەی شاعیر بۆ لای منداڵی کۆمەڵێک رەهەندی هەیە، کە دەکرێت زیاد لە تەبریرێک هەبێت بۆی... بەهەرحاڵ تۆ چۆن دەچیتەوە بۆ ناو مناڵی، یان مناڵی چۆن چۆنی دێتە ناو شیعری تۆوە؟**

—وابزانم شیعرەکانم خۆیان باشترین گوزارەن بۆ وەڵامی ئەم پرسارە. حەقیقەتی من لە شیعردا بەرجەستە دەبێ و بوونم بە پڕی لە شیعرەکانمدا رەنگدەداتەوە. لەم پرۆسەیەدا من تەجاوەزی ناڵانەوە بۆ سەردەمی مناڵی دەکەم‌و روانینێکی فەلسەفی لە هاوکێشەی شوێن‌و کات (فەزاو زەمەن) دەخەمە روو. لەم هاوکێشەیەدا شوێن دابەش دەبێت بەسەر ئێرەو ئەوێ، رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، کاتیش بەسەر مناڵی‌و پیربووندا. من لێرەدا بەشوێن وەحدەیەك یان ئاوێتەبوونێکدا دەگەڕێم، کە لە کردەی داهێناندا بەرجەستە دەبێت، ئاوێتەبوون لەگەڵ ژیان.. لەگەڵ دەوروبەر، ئەمە عەشقێکە، یان چەشنی عەشق دەمانباتەوە ناو سەردەمی مناڵی‌و لە خود نزیکمان دەکاتەوە.. واتە ئاشناکردنی رابردوو بە ئێستا.. ئەگەر لەسەر ئاستی مرۆیش لەمە بدوێم دەڵێم، ئەو مەسافە جوگرافی‌و کولتوورییەی نێوان ئێرەو ئەوێ بواریان رەخساندووە بۆ من سەرنجێکی قوڵ بدەم لە رابردوو لەڕێگەی داهێنانی شیعرییەوە مانایەکی پێببەخشم، کە لەوانەیە لەوێی زێدا ئاسان نەبێت، چونکە لەلای ئێمە مێژوو لە ئێستادا لەدایك دەبێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم رووداوەکانی رۆژانە ئەوەندە چڕن ئەوەندە کارەساتاوین کە بەبێ مەسافەوەرگرتن لەتەکیان گوزارەلێکردن لێیان ئاسان نییە.

***نەبوونی رەخنەی ئەدەبی گرفتێکی هەنوکەیی رۆشنبیریی ئێمەیە، بەرای تۆ غیابی رەخنە تاچەند هۆکارە بۆ لەدایکبوونی دەقی ئاست لاواز و خاڵی لەمانا ئیستاتیکی‌و شیعرییەتەکان.. ئەی هەست ناکەیت بەهۆی نەبوونی رەخنەی جدی کۆمەڵێك تێکستی جاویدو نەمر تێکەڵ بە دەقی کرچوکاڵ بوون‌و بەیەك چاو تەماشایان دەکرێت؟**

—من لەو بڕوایەدانیم کەرەخنە دەق درووست بکات.. دەق، هەموو دەقێکی جوان‌و باڵا پێویستی بە پاشخانێکی کولتووریی فراوان‌و زەمینەیەکی فکری‌و تێڕوانینی قوڵ هەیە. دەقی جوان لە ئەدەبی جواندا لەدایك دەبێت. ئەدەب بە هەموو فۆڕمەکانیەوە، نەبوونی پاشخانی کولتووری‌و زەمینەی فکری وایان کردووە کە "رۆشنبیری" کورد خۆی دووبارە بکاتەوە، واتە لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا دیالۆگ‌و گوێگرتن‌و وردبوونەوەو گەڕان نییە، هەمووی هەر مۆنۆلۆگ‌و خۆ دووبارەکردنەوەیە.. ئەمەش هاندەر نییە بۆ لەدایکبوونی دەقی قوڵ‌و جوان، پاشان کتێبخانەی کوردی هەژارەو خوێنەری کورد دەستی بە بەرهەمی جاوید راناگات، ئەمانە وادەکەن دەقی کاڵوکرچ زۆربێت‌و ئیشراق لە ئەدەبی کوردی بەدی نەکەیت.

***قسەیەك هەیە تازە نییەو رەنگە زۆریشی لەسەر وترابێت، پۆلێنکردنێك هەیە لەنێوان دەنگی ژنانەو پیاوانە، ئەو خەسڵەت‌و تایبەتمەندییان چین کە ئەم دوو دەنگە لەیەکتر جودا دەکەنەوە لەچوارچێوەی یەك فۆڕمی ئەدەبیدا؟**

—من ئاگاداری ئەوەنیم کە خەسڵەت‌و تایبەتمەندی هەبێت بۆ جیاکردنەوەی دەنگی ژنان‌و پیاوان.. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ژن‌و پیاو وەك‌و یەك دەیانەوێت گوزارە لە دەردە وجودییەکان دەکەن، بەڵام دیارە هەریەك لە ئێمە خۆمان دەنووسینەوە چ وەك تاك‌و چ وەك گروپ‌و نەتەوە.. دیارە جیاوازی هەیە لەنێوان روانینی من‌و روانینی پیاوێك بۆ مێژوو، ئەوە لەکاتێکدا منی "ژن" خاوەنی فکرو بۆچوونی خۆم بم‌و ئازادانە گوزارە لە خۆم‌و ئازارەکانم بکەم.. گوزارەکردن لە تایبەتمەندیی خود تایبەتمەندی دەدات بە دەق، ناوەڕۆکی دەقیش زمان‌و فۆڕم دیاریدەکات و جیاوازیی نێوان دەقەکان بەرهەمدێنێت.

**ئا: ئیدریس عەلی**